باشە ئێوە متمانە بە من ناکەن، لەکاتێکدا من متمانەپێکراوی ئەو زاتەم کە لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیە، بەیانیان و ئێواران هەواڵم لە ئاسمانەوە بۆ دێت

لە ئەبو سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- لە یەمەنەوە پارچە ئاڵتونێکی لە نێو پارچە چەرمێکی خۆشکراو بە جەوت ڕەوانە کرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە هێشتا پاڵفتە نەکرابوو لە خۆڵەکەی، ئەویش بەشی کرد لە نێوان چوار کەسدا (عویەینەی کوڕی بدر، ئەقرەعی کوڕی حابیس، زەید ئەلخەیل) وچوارەمیان: یان (عەلقەمەیە یان عامری کوڕی توفەیل) بوو، یەکێك لە هاوەڵانی ووتی: ئێمە شایستەتر بووین بە ئەمە (ئەم بەخشینە) زیاتر لە ئەوان، ئەو قسەیە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆیە فەرمووی: «باشە ئێوە متمانە بە من ناکەن، لەکاتێکدا من متمانەپێکراوی ئەو زاتەم کە لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیە، بەیانیان و ئێواران هەواڵم لە ئاسمانەوە بۆ دێت». کەچی پیاوێکی چاو بەقوولاچووی ناوچاو قۆقزی ڕیش پڕی سەرتاشراو؛ کە جلی نیوەی خوارەوەی (ئیزارەکەی) چاک بەستبوو وهەڵیگرتبوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا لە خوا بترسە، فەرمووی: «مەینەتباری بۆ تۆ، مەگەر من لە هەموو دانیشتوانی سەر زەوی لە پێشتر نیم بۆ ئەوەی لە خوابترسم». کابرا ڕووی وەرگێڕاو وڕۆیشت، خالیدی کوڕی وەلید ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا نەدەم لە ملی؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، لەوانەیە نوێژ بکات». خالید ووتی: چەندەها نوێژخوێن هەیە بە زمان شتێك دەڵێن کە لە دڵیاندا نییە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «من فەرمانم پێنەدراوە دڵی خەڵکی بکەمەوە وسکیان هەڵبدڕم»، ئینجا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەیری کابرای کرد کە ڕووی وەرچەرخان وڕۆیشت، وفەرمووی: «لە نەوەی ئەمە کەسانێك دەبن کە زمانیان پاراوە بە خوێندنەوەی قورئان، بەڵام لە گەروویان ناکاتە خوارەوە، لە دین دەردەچن وەك چۆن تیر لە نیشانەکەدا دەردەچێت»، وابزانم فەرموویشی: «ئەگەر پێیان بگەم دەیانکوژم هەروەکو چۆن قەومی (سەمود) کوژران».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- پارچە ئاڵتونێکی لە نێو پارچە چەرمێکی خۆشکراو بە جەوت لە یەمەنەوە ڕەوانە کرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە هێشتا پارچە ئاڵتونەکە پاڵفتە نەکرابوو لە خۆڵەکەی، گێڕەرەوەکە دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دابەشی کرد لە نێوان چوار کەسدا: عویەینەی کوڕی بدر ئەلفەزاری، وئەقرەعی کوڕی حابیسی حەنزەلی، وزەید ئەلخەیل ئەلنەبهانی، وعەلقەمەی کوڕی عولاسەی عامیری، پیاوێك لە هاوەڵان ووتی: ئێمە شایستەتر بووین بە ئەمە (ئەم بەخشینە) زیاتر لە ئەوان، گێڕەرەوەکە دەڵێت: ئەم قسەیە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆیە فەرمووی: «باشە ئێوە متمانە بە من ناکەن، لەکاتێکدا من متمانەپێکراوی ئەو زاتەم کە لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیە، بەیانیان و ئێواران هەواڵم لە ئاسمانەوە بۆ دێت». گێڕەرەوەکە دەڵێت: پیاوێکی کە ئەمە هەندێك لە سیفەتەکانی ڕواڵەتی بوو: چاوی بەقوولاچوو، ونێوچەوان و وڕوومەتی دیار وبەرز وقۆقزی، وڕیشێکی چڕ وپڕ بەڵام درێژ نەبوو، وسەرتاشراو، وئیزارەکەی (جلی داپۆشەری نیوەی خوارەوەی لاشەی) چاک بەستبوو وهەڵیگرتبوو؛ ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا لە خوا بترسە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «مەینەتباری بۆ تۆ، مەگەر من لە هەموو دانیشتوانی سەر زەوی لە پێشتر نیم بۆ ئەوەی لە خوابترسم؟!». گێڕەرەوەکە دەڵێت: کابرا ڕووی وەرگێڕاو وڕۆیشت، خالیدی کوڕی وەلید ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا نەدەم لە ملی؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، لەوانەیە نوێژ بکات»، خالید ووتی: چەندەها نوێژخوێن هەیە بە زمان شتێك دەڵێن کە لە دڵیاندا نییە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: من فەرمانم پێنەدراوە دڵی خەڵکی بکەمەوە وسکیان هەڵبدڕم، بەڵکو فەرمانم پێدراوە کە بڕیار لەسەر ڕواڵەتی کاروباریان بدەم، گێڕەرەوەکە دەڵێت: ئینجا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەیری کابرای کرد کە ڕووی وەرچەرخان وڕۆیشت، وفەرمووی: لە نەوە وهاوەڵانی ئەمە یان لە هۆزەکەی کەسانێك دەبن کە بەهرەمەندن لە خوێندنەوەی قورئان بە

دەنگی خۆشەوە، وزمانیان پاراوە بەهۆی زۆر خوێندنەوەی قورئان، بەڵام قورئان لە گەروویان ناکاتە خوارەوە بۆئەوەی دڵیان لێی تێبگات وچاکی بکاتەوە، خوای گەورە ئەو کردەوەیان بەرز ناکاتەوە وقبوڵی ناکات، ولە ئیسلام دەردەچن وەك چۆن تیر لە نیشانەکەدا دەردەچێت بە خێرایی وئاسانیەوە. گێڕەرەوەکە دەڵێت: وپێم وابێت فەرمووی: ئەگەر پێیان بگەم کاتێك دژی مسوڵمانان دەردەچن بە شمشێر؛ ئەوا بە سەختی دەیانکوژم هەروەکو چۆن قەومی (سەمود) کوژران.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8307